**بەش: راگەیاندن**
**کۆلێژ : ئاداب**
زانکۆ سەلاحەدین
بابەت: یاسا و ئیتیکی میدیای نوێ
**پەرتووکی کۆرس** – خوێندنی باڵا ماستەر/سمستەری یەکەم
**ناوی مامۆستا:** پ.ی.د. ئازاد عبدالعزیز محمد
**ساڵی خوێندن: 2023-2024**

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| یاسا و ئیتیکی میدیای نوێ | **1. ناوی کۆرس** |
| پ.ی.د. ئازاد عبدالعزیز محمد | **2. ناوی مامۆستای بەرپرس** |
| **راگەیاندن/ ئاداب** | **3. بەش/ کۆلێژ** |
| **ئیمێل:**<br>Azad.mohammed1@su.edu.krd<br>ژمارەی موبایل: ٠٧٥٠٤٤٩٣٦٣٠ | **4. پەیوەندی** |
| **بۆ نموونە تیۆری: ٣** | **5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک** |
| سێ(**٣**) **ساعات** | **6. ژمارەی کارکردن** |
| | **7. کۆدی کۆرس** |

| | |
|---|---|
| **8. پرۆفایەلی مامۆستا** | لێرە مامۆستای وانەبێژ پرۆفایەلێک دەنووسێت لەسەر ژیانی ئەکادیمی خۆی (تەنها ئەکادیمی) یان ئاماژە بە**Webpage**، **Moodle**،**Blog** دەکات<br><br>ساڵی 2006 لە کولیژی ئاداب لە بەشی ڕاگەیاندن وەک قوتابی وەرگریاوە، لە ساڵی 2010 بڕوانامەی بەکلۆریوس لە بواری ڕاگەیاندنی بە دەستهێناو، لە ساڵی 2014 بروانامەی ماستەر لە بواری ڕاگەیاندنی ئەلیکرتۆنیم لە بەشی ڕاگەیاندن، کولیژی ئەدەبیان لە زانکۆ سەلاحەدین بەدەستهێناوە، لە ساڵی 2022 براوانامەی دکتۆرا لە هەمان بەش وەرگرتووە. 2023 پلەی زانستی بۆ (پرۆفیسۆری یاریدەدەر) بەرزکرایەوە، ئێستاش وەک مامۆستا لەو بەشە وانە دەلێمەوە. |
| **9. وشە سەرەکییەکان** | **یاساکانی میدیا، ئیتیکی میدیا، میدیای نوێ، پەیماننامەی شەرەفی میدیایی، پلاتفۆرمەکانی کۆمەلایەتی** |

## 10. ناوەڕۆکی گشتی کۆرس:

بابەتی بوونی ڕێسا و پرەنسیپەکانی ئیتیکی میدیا و یاسا تێکەڵاو دەکرێن، تەنانەت هەندێک پێیانوایە مادام یاسای رۆژنامەنووسی بۆ ڕێکخستنی کاروباری ڕۆژنامەنووسان و دامەزراوەکانی میدیا هەیە، پێویستیمان بە ئیتیکی میدیا نییە، بەڵام لە ڕاستیدا بوونی هەردووکیان پێویستە، ئیتیک، بەبنەما و کولەکەیەکی میدیا دادەنرێت، هەموو میدیاکارێک پێویستە ئاشنای پرنسیپەکانی ئیتیک بێت لە چوارچێوەی پراکتیزەکردنی پیشەکەیدا، لەلایەک بەو پەری بەرپرسیارێتی زانیارییەکان بگەیەنێ لەلایەکی دیکەوە میدیا پابەندبوونی بەرامبەر کۆمەڵگە هەیە و پێویستە ملکەچی ئەو پابەندبوونانە بێت بۆ ئەوەی متمانەی جەماوەر بەدەست بهێنێت.
هەروەها هەبوون و زانین و تێگەیشتن لە یاسا، یارمەتیدەرێکی باشە بۆ ئەوەی میدیاکاران تووشی هەڵەی گەورە نەبن و ئەو بەرهەمەی پێشکەشی دەکەن، تێبگەن کە تەواوی ڕاستییەکانیان باس کردووە و بە بڵاوبوونەوەشی کەسیان بۆ بەردەم دادگا ناچێت. بێگومان پەیوەندییەکی تەواوکاریی لە نێوان پرەنسیپەکانی ئیتیکی میدیا و یاسادا هەیە، چونکە ئەو پرەنسیپانە بە تەنها ناتوانن جڵەوگیری کاری ڕۆژنامەگەری بکەن، بۆیە لە تەواوی وڵاتان بۆ ڕێکخستنی پیشەی ڕۆژنامەنووسیی، یاسای ڕۆژنامەگەری دەردەکەن.
بۆیە بایەخی ئەم وانەیە لە گرنگی ئامادەیی و سەرهەڵدانی خودی ئەم جۆرە نوێیەی ڕاگەیاندنەوە سەرینەڵداوە و بۆ ئەمڕۆی کوردستان وەک هەر کومەڵگەیەکی تری ئەم جیهانە بەهایەکی زۆری هەیەو پێویستە قوتابیانی خوێندنی باڵا زۆر ترین زانیاری لە بارەیەوە بەدەست بنێن، لە کاتیک دا سیماکانی لە کوردستانیش دا دەرکەوتوون.

## 11. ئامانجەکانی کۆرس

1-مەبەستی سەرەکی لە خوێندنی وانەی یاسا و ئیتیکی میدیای نوێ جیاکردنەوەی میدیاکاری پرۆفیشناڵ و ناپرۆفیشناڵە.
2-پابەندبوون بە بێلایەنی و وردبینیکردن لە داڕشتنی زانیارییەکان بەتایبەت ئەوانەی داتا و ژمارەن، خۆبەدورکردن لە شێواندنی زانیارییەکان.

3-ناساندنی قوتابی بە بنەما سەرەکییەکانی یاسا و ئیتیکی میدیای نوێ بەمەبەستی راهێنانیان و دواجار رۆڵ بینینیان لە لەکەمکردنەوەی ژاوەژاوی میدیای نوێ.

4-ناساندنی قوتابی بە مەترسییەکانی نەبوونی ئیتیکی میدیا، و رێزگرتن لە ژیانی تایبەتی تاکەکان و جیاکردنەوەی لە ژیانی گشتی و پیشەیی.

5-فێرکردن و راهێنانی قوتابی لەسەر گەورە نەکردنی زانیاری وهەواڵەکان زیاتر لەقەبارەی خۆیان و دانەڕشتنیان بەزمانێک کەدواجار ترس و دڵەراوکێ بڵاوبکاتەوە، و دارشتنی سەردێر مانشێتەکان کە گوزارشت لە ناوەرۆکی بابەتەکان بکات.

12. ئەرکەکانی قوتابی:

١- قوتابی پێویستە ئامادەبێت لەوانەکاندا و هەروەها تۆمارکردنی تێبینی و سەرنجەکان لەکاتی وانەکانی ڕۆژانەدا.

٢- خۆ ئامادەکردن بۆ ڕاپۆرت و سیمینار لەسەر بابەتەکە و پێشکەشکردنی لەناو کلاسدا پێویستە.

٣- پێویستە قوتابی سەرچاوەی زیاتر بخوێنێتەوە لە بارەی بابەتەکانەوە.

**13. ڕێگەی وانە وتنەوە:**

**ڕێگاکانی وانەوتنەوە بەسوودبینین لەداتاشۆ و بەکارهێنانی پاوەر پۆینت و وایت بۆرد.**

**14. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

سیستەمی هەڵسەنگاندنی قوتابی لەم بابەتەدا بەپێی ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٢٣)ی تایبەت بە شێوازی کۆرسەکانی خوێندنی ماستەر پەیڕەودەکرێت.

15. دەرئەنجامەکانی فێربوون :

١- قوتابی زانیاری لە چەمک و پێناسە و فەلسەفەی یاسا و ئیتیکی میدیای نوێ دەست دەکەوێت.

٢- پێشکەشکردنی خوێندنەوەیەکی رەخنەییانە لە مومارەسە هەڵە و ناپیشەییەکانی میدیای نوێ.

٣- پەیرەوکردنی و لێکجیاکردنەوەی میدیاکار و قوتابی لە بابەتە و بەها ئیتیکییەکان لە میدیای نوێدا.

٤- هەروەها دروستکردن، یان پەروەردەکردنی میدیاکاریی نموونەییە.

**16. لیستی سەرچاوە:**

1- يونس مسكين، محمد خمايسة، دليل اخلاقيات الصحافة في العصر الرقمي، معهد الجزيرة للاعلام، دوحة ،2022.
2- رضوان جدي، ألاخلاقيات المهنية في وسائط إلاعلام الجديدة، اطروحة غير منشورة، جامعة الجزائر 3، كلية علوم الاعلام والاتصال، قسم الاعلام، جزائر، 2018.
3-د. حبيب بن بلقاسم، د. هالة بن علي برناط و د. فاتن بن لاغة الظابعي، الأخلاقيات الاعلام في الزمن الرقمي، مكتب الرشد، تونس، 2020.
4- ابراهيم السيد حسنين اخلاقيات الاعلام وقوانينة ، مؤسسة طيبة للنشر والتوزيع، القاهرة ،2015..
5- أبو النور حمدي، يورجين هابرماس الأخلاق والتواصل، المكتبة الفلسفية. التنوير للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت،2012.
6- کەمال سەعدی، ئازادیی ڕۆژنامەگەری و ئەخلاقی پیشە. دەزگای O.P.L.C بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە هەولێر، 2004.
7- مغدید سەپان، بنەماکانی ئێتیک و ئێتیک لە ڕاگەیاندنی کوردیدا. لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی تاران، 2015.
8- کارزان محەمەد، هەڵسەنگاندنی ئیتیکی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە هەرێمی کوردستان(2007-2016). چاپخانەی سنە، سلێمانی، 2019.
9- شوان ئادەم ئەیڤەس، مافی ژیانی تایبەت لە یاسا و ئیتیکی ڕۆژنامەگەرییدا. چ2، لە چاپکراوەکانی ڕێکخراوی چاودێریی میدیای کوردی سلێمانی ،2020.
10- شوان ئادەم ئەیڤەس، ئیتیک لە ڕۆژنامەوانیی کوردییدا. چ2، لە چاپکراوەکانی ڕێکخراوی چاودێریی میدیای کوردی سلێمانی ،2020.

| | |
|---|---|
| **17. بابەتەکان** | **ناوی مامۆستای وانەبێژ** |

| | |
|---|---|
| ناوی مامۆستا: پ.ی.د. ئازاد عبدالعزیز محمد | **10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**<br>**هەفتەی یەکەم:** دەروازیەک بۆ یاساکانی میدیای نوێ<br>- یاساکانی میدیای نوێ لە جیهان<br>-یاساکانی میدیای نوێ لە وڵاتانی هەرێمایەتی(وڵاتانی دەوروبەر)<br>**هەفتەی دووەم:** یاساکانی میدیا و میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستان<br>- یاساکانی میدیا لە هەرێمی کوردستان<br>- یاساکانی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستان<br>- بەرپرسیاریەتی یاسای میدیای نوێ<br>**هەفتەی سێیەم:** ئیتیکی میدیای نوێ<br>١- پێناسەی ئیتیک و ئیتیکی نوێ<br>٢- دەروازەیەکی مێژووی بۆ ئیتیک و فەلسەفەی ئیتیک<br>**هەفتەی چوارەم:** بنەماکانی بەرپرسیارەتی پرۆفیشونالی و ئیتیک بۆ میدیای نوێ<br>**هەفتەی پێنجەم: بایەخ و گرنگی ئیتیکی میدیای نوێ**<br>١- گرنگی ئیتیکی میدیای نوێ<br>٢- جۆرەکانی ئیتیکی پیشەی میدیای نوێ<br>٣- سەرچاوەی بنەماکانی ئیتیکی میدیای نوی<br>**هەفتەی شەشەم:** واقیع و کەتواری پرۆفیشناڵی و ئیتیکی لە میدیای نوێدا<br>**هەفتەی حەوتەم:** بەرپرسیارەتی ئیتیکی میدیایی لە میدیای نوێدا<br>**هەفتەی هەشتەم: پەیماننامەی شەرەفی میدیایی**<br>١- پەیماننامەی شەرەفی ئیتیکی میدیایی نوێ<br>٢- گرنگی و ئامانجی پەیماننامەی شەرەفی ئیتیکی میدیای نوێ |

| | |
|---|---|
| **هەفتەی نۆیەم: پەیماننامەی شەرەفی میدیایی لە هەرێمی کوردستان**<br>**هەفتەی دەیەم: ئیتکی میدیای و پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان**<br>**هەفتەی یازدەیەم: ڕێساکانی بەڕێوەبردنی ڕەفتاری ڕۆژنامەنووسان لە وێبسایتەکانی سۆشیال میدیا:**<br>**- نیۆیورک تایمز**<br>**- بی بی سی**<br>**- تۆڕی میدیایی ئەلجەزیرە**<br>**هەفتەی دوانزدەیەم: چەندین نموونەی پیشیلکاری بنەماکانی ئیتیکی میدیایی**<br>**هەفتەی سێزدەیەم:** سیاسەتی پلاتفۆڕمەکانی میدیای نوێ و بەرپرسیارێتی ئەخلاقی پیشەیی<br>**هەفتەی چواردەیەم: ئەنجوومەنی باڵای ڕاگەیاندن** | |
| 18. بابەتی پراكتیک (ئەگەر هەبێت) | **نیية** |
| لێرە مامۆستای وانەبێژ ناونیشانی هەموو ئەو بابەتە پراكتیكانە دەنووسێت كە بەنیازە بیلێتەوە لە تێرمەكە. هەروەها كورتەیەک لە ئامانجی هەر یەک لە بابەتەكان وبەروار وكاتی وانەكە دەنووسێت. | ناوی مامۆستا |

**19. تاقیکردنەوەکان :**

پ١: **(ئیتیکی میدیایی لەو پێوەرانەی لە چالاکیی پەیوەندیکردندا ئاراستەی بەشداربووان دەکرێن، یاخود دەکرێت کەسی ڕەخنەگر بۆ جڵەودان لەسەر جۆری ئیتێکی پەیوەندیکردن بەکاریان بهێنێت)** لە ژێر ڕۆشنایی ئەم دەربڕینە وەڵامی ئەمانەی خوارەوە بدەرەوە:

١- پێناسەی ئیتیکی میدیای نوی.

٢- بنەماکانی بەرپرسیارەتی پرۆفیشونالی و ئیتیک بۆ میدیای نوێ.

٣- واقیعی یاسا و پرۆفیشوناڵی و ئیتیکی لە میدیای نوێدا.

پ٢. بەپێ راوبۆچوونی خۆت، باسی پێویستبوونی یاسایەکی ڕێکخستنی میدیای نوێ و سوشیاڵ میدیا لە هەرێمی کوردستان بکە، وەڵامەکەت بە نموونە روون بکەرەوە.

**20. تێبینی تر**

لێرە مامۆستای وانەبێژ دەتوانێت تێبین وكۆمەنتی خۆی بنوسێت بۆ دەوڵەمەندكردنی پەرتووكەكەی.

**21. پێداچوونەوەی هاوەڵ**

ئەم كۆرسبوكە دەبێت لەلایەن هاوەڵێكی ئەكادیمیەوە سەیر بكرێت و ناوەڕۆكی بابەتەكانی كۆرسەكە پەسەند بكات و جەند ووشەیەک بنووسێت لەسەر شیاوی ناوەڕۆكی كۆرسەكە و واژووی لەسەر بكات.

هاوەڵ ئەو كەسەیە كە زانیاری هەبێت لەسەر كۆرسەكە و دەبیت پلەی زانستی لە مامۆستا كەمتر نەبێت.